# ئاوازێکی ئەرخەوانی

عەباس صاڵح عەبدوڵلا

ئەو دەرگایە واڵاکە
گیانێکی ئەزیزی تیایە
ئەو دیوارە بڕوخێنە
لەو دیوەوە
عاشقێ گۆرانی دەچڕێ
*
ئاوازێکی ئاگرینە
گڕی بەرداوە لە ناخی
گۆرانی بۆ کەسێ دەڵێ
بۆتە، ئاهێ، بۆتەداخێ
*
ئەوبارانە بۆ ئەبارێ
کەتۆ بارانت خۆش دەوێ
ئەو بەفرە بۆ بتوێتەوە
کەتۆ دڵت پڕ لەگڕە
ئەو خەمە ئێستا شەپۆلە
لەکەنارتا ئۆقرە دەگرێ
هەندە جارێکیش قەقنەسە
بۆت دەسوتێت و بۆت دەمرێ
*
ئەو کچە هەناسەی منە
پەپولەی ڕۆحمی خۆش ئەوێ
کەچی چاوە نێرگزێ کەی
حەزێکی ماتی شەرمنە
***